راگەیاندنی کۆمیتەی رابەریی رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی شاری کەلار لەدژی نەبوونی خزمەتگوزاریو گەندەڵیی ئیداری:

# ئەمجارەیان جامی سەبری خەڵکی کەلار رژا!

نەبوونی خزمەتگوزارییەکانو تاڵانو بڕۆی دەسەڵاتدارانو گەندەڵیی ئیداری لە هەموو شوێنێك خەڵکی کوردستانی هەراسان کردووە.

دەسەڵاتێك کە 14 ساڵە تاڵانبڕۆ دەکاتو هەموو بەرپرسەکانیان لەنێو سەروەتو ساماندا خەریکە غەرق ئەبنو نەك هەر سەرەوەیان بگرە بەرپرسەکانی خوارەوەشیان حیسابی پارەوپولو تەلارو ئەرزەو... تاد خۆیان نازانن، دەسەڵاتێك کە ئەمە سەروەتو سامانی خۆیانە کەچی دوای چواردە ساڵ هێشتا نەیانتوانیووە کێشەی ئاوو کارەبای خەڵك چارەسەربکەن بە جۆرێك کە کارەبا لە رۆژێکدا تەنها چەند سەعاتێك هەیە، ئاو لەزۆربەی شوێنەکاندا لە بیستوچوار سەعاتدا تەنها سەعاتێك هەیە، جادەو بانو خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان وەزعیان هەر باس ناکرێت..

ئەگەر ئەمە وەزعی هەموو شارو شارۆچکەکانی خەڵکی کوردستان بێت ئەوا شاری کەلار لە خراپترینەکانە، هەربۆیە جامی سەبری خەڵك ماوەیەکە لێواولێو بووە.

سەرەنجام دوێنێ (2005/9/6) لەلایەن هە ردوو رێکخراوی "کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی کەلار"و "کۆمەڵەی گۆڕان"ەوە بانگەواز بۆ خۆپیشاندانی رۆژی 9/7 دەکرێت..

ئەم بانگەوازە لەلایەن خەڵکی ناڕازی کەلارەوە پێشوازی لێدەکرێتو سەعات 9ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ 9/7 نزیکەی 1000 کەس لەبەردەم سەنتەری هەڵەبجە کۆدەبنەوەو بە بەرزکردنەوەی لافیتەو شیعاردان لەدژی نەبوونی خزمەتگوزارییەکانو گەندەڵیی ئیداری بەرێپێوان بەرەو قایمقامییەت ئەکەونە رێ. لەم رێڕەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بە خۆپیشاندانەکەوە پەیوەست ئەبنو ژمارەی خۆپیشاندەران دەگاتە نزیکەی 3000 کەس.

دوای گەیشتنیان بۆ بەردەم قایمقامییەت خەڵکەکە نوێنەرانی خۆیان ئەنێرنە ژوورەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ قایمقامو بەرپرسانی شاردا لەسەر خواستەکانیان. پاش گفتوگۆیەکی زۆری نوێنەران لەگەڵ قایمقامو بەرپرسانی دیکەی شاردا (کە هەموویان خۆیان گەیاندبووە قایمقامییەت)، بە هیچ ئەنجامێك ناگەن..

شایانی باسە هەر لەکاتی چوونەژوورەوەی نوێنەراندا یەکێك لە نوێنەرانی خەڵکەکە بەناوی (رێبین) لەلایەن پۆلیسەکانەوە پەلامار ئەدرێتو لێیدەدەن، کە ئەمەش دەبێتە مایەی تورەکردنی خەڵکەکە.

دوای بەئەنجام نەگەیشتنی گفتوگۆکان قایمقام دەچێتە سەر بیناکەو دەکەوێتە قسەکردن بۆ خەڵکەکە.. خەڵك بەدانی شیعاری "تۆمان ناوێ دەبێ بڕۆی" پێشوازی لە قسەکانی دەکەنو دەکەونە بەردەبارانکردنی.. پۆلیسەکانیش دەکەونە تەقەکردن لە خەڵکەکەو ژمارەیەك لە خەڵکی بریندار دەکەن.. کە ئەمەش رقو تورەیی خەڵك زۆر دەباتەسەرو لەئەنجامدا خەڵکەکە پەلاماری قایمقامییەت دەدەنو دوابەدوای رووبەڕووبوونەوەی نێوان خەڵكو دەسەڵاتداران پەرەئەستێنێو خەڵکی پەلاماری چەندین دامودەزگای حکومی دەدەنو بەردبارانی دەکەن..

تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راگەیاندنە وەزعی کەلار هێمن نەبۆتەوەو هێزێکی زۆری ئاسایشو پۆلیس لەناو شاردا بڵاوکراوەتەوە و هەر کەسیك ببینن لێی دەدەن و دەیگرن. ئیستا خەڵکەکە داوای ئەوە دەکەن کە دەبیت قایمقام بروات و لە شاری کەلار نەمێنێت و داوای جێبەجێکردنی دەستبەجێی داواکانیان دەکەن.

سەرکەوێ بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانو بنەبڕکردنی گەندەڵیی ئیداری دەسەڵاتداراندا.

2005/9/7